حكومة اقليم كردستان
وزارة الصحة
المديرية العامة / اربيل
قسم التخطيط
شعبة القبالة

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی پلان
هۆبەی مامانی

ژمارە:
بەروار: ١٩/ ٨ /٢٠١٣ زایینی
/ /٢٧١٣ کوردی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دەوروبەری شار
بابەت /وەرگرتنی قوتابیان لە ئامادەیی مامانی

ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا ئامادەیی مامانی هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەیە بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە دەرچووانی قۆناغی (نۆی بنەرەتی کچان) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ – ٢٠١٤) بۆ زانین و هاوکاری کردنمان بە سەردانی قوتابخانەکانی بنەرەتی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتیەکەتان بۆ هاندانی دەرچووانی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی بۆ مەبەستی وەرگرتنیان لە ئامادەیی مامانی بەپێ ی مەرجەکان و بەڵگەنامەی هاوپێچ لەگەڵ ڕێزماندا....

هاوپێچ: مەرجەکانی وەرگرتن + بەڵگەنامەی پێویست

د. سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

ویَنەیەک بۆ /

- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی / بۆزانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەشی پلان / هۆبەی مامانی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.ت. شەقلاوە / ب.ت. سۆران / ب.ت. چۆمان / ب.ت. بارزان / ب.ت. کۆیە / ب.ت. ڕانیە / ب.ت. هەلەبجە / ب.ت. قەڵادزێ / کەرتی تەندروستی مخمور / بۆ هاندان و مەبەستی سەرەوە لەگەڵ ویَنەیەک لە مەرجەکانی وەرگرتن و بەڵگەنامەی پێویست لەگەڵ ڕێزماندا.
- ئامادەیی مامانی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- وێب سایتی بەڕێوەبەرایەتی / بۆ بڵاوکردنەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان:

١- باری جەستەیی و دەرونی تەواو بێت
٢- تەمەنی خوازیار لە (٢٥) ساڵ زیاتر نەبێت
٣- کۆ نمرەی دەچوون لە (٧٠) کەمتر نەبێت
٤- خوازیار دەرچووی قۆناغی نۆیەمی بنەرەتی بێت

بەڵگەنامەی پێویست:

١- ناسنامەی باری شارستانی (کۆپی)
٢- کارتی زانیاری یان پسولەی خۆراک (کۆپی)
٣- کارتی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی
٤- ئەگەر داواکار فەرمانبەربێت پێویستە لاری نەبوونی شوێنی کارکردنی هەبێت
٥- داواکردن لە بەرواری (٢٠١٣/٨/١٥) دەست پێ دەکات تاکو (٢٠١٣/٩/١)

تێبینی:
پێشکەشکردن و چاوپێکەوتن لە ئامادەیی مامانی دەبێت لە رێکەوتی (٢٠١٣/٩/٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکاران ئەنجام دەدرێت.